# وەرزش و ناسیۆنالیزم

کاوە ئەمین

یاریەکانی ئەمساڵی ئۆلمپیک کە لە ئەسینای پایتەختی یۆنان بەڕێوە چوو،جارێکی تریش ئەوەی دووپاتکردەوە کە ناسیۆنالیزم بە شێوەیەکی بەربڵاو،خۆی خزاندۆتە نێو وەرزشەوە. ئەمە جگە لەوەی کە یاری ئۆلۆمپیک بووەتە بازارێکی گەورەی ئابووری و پروپاگاندە. وەک دەزانرێت لە گریکی کۆندا،بەرپاکردنی ئاهەنگە وەرزشیەکان بۆ پیاهەڵدان و ستایشکردنی خوداکان و کردەوە ئاینیەکان پەرپا دەکرا. بەڵام لە دنیای مۆدێرنی ئیمڕۆدا کە مەسمێدیا دەورێکی کاریگەری هەیە " پروپاگەندەی سیاسی و بازرگانی جێگای پروپاگەندەی ئاینی ئەو سەردەمانەیان گرتۆتەوە،بەچاوخشان و لێکۆڵینەوە لەسەر مەسمێدیا و بەروپێشچونی کۆمۆنیکەیشین ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت". یاخود بە سەیرکردنی یاریەکان لە ڕێگای تیڤی و ئینەتەرنێتەوە کە ڕۆژانە لەلایەن نزیکەی زیاتر لە دوو ملیارد مرۆڤەوە چاویان لێدەکرێت،بۆمان دەردەکەوێت کە ناسیۆنالیزم و هەستی نەتەوەیی کە بەرگێکی سیاسیان پێداهڵکێشراوە چۆن لە یاریەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە. ئاڵای ئەو وڵاتانەی کە بەشداری لە پێشبڕکێکاندا دەکەن،نیشانەو ڕەمزێکی زەقی ناسیۆنالیستی بەشداربوان و سەیرکەرانی یاریەکانن. چونکە ئاڵا بەیەکێک لە نیشانە گرنگەکانی ناسیۆنایزم و دەوڵەتی نەتەوەیی دا دەنرێت و تەنانەت دەتوانم بڵێم کە لە کاتی پێشبڕکێکاندا لە زمانی زگماکیش گرنگی زیاترە. بۆ نمونە گەلێک جار یاریکەری وڵاتێک کە زۆرجاران خەڵکی وڵاتانی هەژار نشینن،نوێنەرایەتی وڵاتانی تر دەکەن،کاتێک داوای پەنابەرێتی لەو وڵاتانە دەکەن و ناسنامە و هاووڵاتێتی خۆیان دەگۆڕن، هەڵبەت زۆرجار هۆکاری ئابووری لە پشت ئەو گۆڕانکاریانەوەن،چونکە لە وڵاتانی پێشکەوتوو بە تایبەتی ئەوروپا وەرزشوان بە هۆی هونەری یاریەکانیانەوە دەبنە سەرمایەداری گەورە،بەڵام لە وڵاتانی پاشکەوتوو،وەرزش تا ئێستا نەبووتە هۆکارێک بۆ دەوڵەمەند بوون.گەلێک جار ئەو کەسەی کە ناسنامەی وڵاتی خۆی دەگۆڕێت،فریای ئەوە ناکەوێت زمانی ئەو وڵاتە نوێیەی کە نوێنەرایەتی دەکات فێر ببێت،بەڵکو تەنها بە هەڵگرتنی ئاڵای ئەو وڵاتە نوێیەی کە نوێنەرایەتی دەکات، هەستی ناسیۆنالیستی لایەنگران و بیەنەرانی یاریەکان دەوروژێنێت.

وەک دەبینین زۆربەی وەرزشڤانەکان ڕەنگی جلەکانی بەریان لە ڕەنگی ئاڵای وڵاتەکانیانە،تەنانەت هەندێک جار،ڕەنگی گۆرەوی و دەرپێ کورتەکانیشیان لەهەمان ڕەنگە. لێرەدا ڕەنگەکان وەکو سیبولێکی ناسیۆنالیستی دەوری کاریگەریان هەیە لە ورژاندن و شانزیکردن بە دەوڵەتی نەتەوەیی و کولتووری کەونارەی ئەو میللەتانە،ئەگەرچی لەژێر هیچ هەڕەشەیەکی دەرەکی یان ناوەکیدا نین،واتە مەترسی لەناوچوون و توانەوەیان لەسەر نییە. ڕەنگەکان و ئاڵا بۆ گەلانی بندەستی وەکو کورد،گرنگی لەڕادەبەدەریان هەیە بۆ خۆپاراستن لە هەڕەشەی داگیرکەران کە تا ئێستاش نایەنەوێت کورد وەکو نەتەوەیەک بە قەوارەیەکی یەکگرتوو کە لەسەر جوگرافیایەکی دیاری کراو کە کوردستانە دەژی،بناسن. بۆ نمونە دەوڵەتی تورکی لە هەموان زیاتر دژایەتی ڕەنگە کوردییەکان دەکات کە ئاڵای کوردستانیان پێکهێناوە،دوا کردەوەی تورکان کاتی کردنەوەی بنکەی فێربوونی زمانی کوردی لە شاری ئامەد (دیاربەکر)بوو،چونکە تابلۆکانی سەر ئەو خانووەی کە جێگای خوێندنی زمانی کوردییە بە ڕەنگی (کەسک و سوور و زەرد) نووسرابوو. واتە هەم زمانی کوردی و هەمیش ڕەنگە کوردییەکان لەیەککاتدا کە پایەیەکی گرنگی ناسیۆنالیزمی کوردین ئاوێزانی یەککراون،بۆیە تورکەکان هەر لە سەرەتای کردنەوەی خوێندنگاکەدا کۆسپیان خستە بەردەمی مامۆستایان و بەڕێوەبەرانی ئەو بنکەیە. داگرتنی ئاڵای کوردستان لە کەرکووک کە لەلایەن بەرەی تورکومانییەوە بە چەپڵە پێشووازی لێکرا،هەمان عەقڵییەتی تورکە کەمالیستەکانی تورکیایە.ئیمڕۆ ئاڵای کوردستان یانش ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو لە

کوردستان و تاراوگە هەستێکی هاوچارەنووسانە و هەرچی زیاتر لەیەکترنزیکبوونەوەی کوردی ڕەخساندووە، چەندین هەنگاو پێش زمانی کوردیی کەوتۆتەوە کە بڕبڕەی پشتی ناسیۆنالیزمی کورد و مانەوەی کوردە وەکو نەتەوەیەک. تا ئێستاش تەنانەت لەنێو ئەوانەی کە خۆیان بەنەتەوەیی کوردیش دادەنێن، زمانی کوردی (مەبەست زاراوە جۆراوجۆرەکانی کوردییە) نەیتوانیوە ئەو دەورە گرنگەی خۆی لە یەکخستنی نەتەوەی کورددا ببینێت. ئەو نووسەرە کوردانەی کە بتوانن بەشێوەیەکی شیاو بە هەموو زاراوەکانی کوردی بنووسن و بخوێننەوە، بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن.بەڵام ئیمڕۆ ئاڵای کوردستان و ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستان بۆ سەرجەم دانیشتووانی کوردستان ئاشنانن. کەواتە ئاڵا سیمبولێکی (Symbol) گرنگی ناسیۆنالیزمە لەنێو نەتەوەی خاوەن دەوڵەت و بێ دەوڵەتیشدا.
ئەگەر ئاڵای نەتەوەیی بۆ زلهێزێکی وەکو ئەمریکا نیاشنەی نیشتیمانپەرەوەری بێت و سەرۆککۆمارەکانی ئەو وڵاتە بەشانازییەوە لە یەخەی خۆیانی دەدەن، بۆ گەلێکی بندەستی وەکو کورد کە سەدان ساڵە کەوتۆتە بەر هێرشی ناسیۆنالیزمی سەردەست زۆر گرنگترە، ئیتر ناماقوڵیەکی گەورەیە کە خەڵکانێک بەناوی پێشکەوتنخوازی و بالۆرەی ترەوە، تەنها وەک پەڕۆیەک چاوی لێبکەن، بەڕاست کام سەرۆکی کورد تا ئێستا ئاڵای کوردستانی لەسەر سنگی خۆی داوە و شانازی پێوە بکات؟
بەو هیوایەی لە پێشبڕکێکانی داهاتووی ئۆڵۆمپیکدا، وەرزشوانی کورد بەشانازییەوە وەکو هەموو وەرزشوانانی دنیا، ئاڵای کوردستان بەرزبکەنەوە و بە ڕەنگەکانی ئەو ئاڵایە جلەکانی بەریان بخەملێنن. من چی لە (هاوار)ێک بکەم کە لە ژێر ئاڵای بەعس (عێراق)دا تۆپێن بکات، با بەکوردیش بئاخڤێت.